www.kurdistannet.org
12-9-2003 13:51

# بەڵێ و نەخێر لە ڕیفراندومدا. .

یاسینی فەقێ سەعی

مەرج نی‌یە هەموو "باوك"ێك هوشیار و بەخشندە و دیموكراتی بێت، ئارەزووەكانی خۆی بكات بە قوربانی پێداویستیەكانی "منال"ەكەی. هەموو منالێكیش سوێندێكی ئەبەدی بۆ باوك ناخوات، گیایەك بێت لەسەر بنجی ئەو سەوز بێتەوە. هەموو گەواڵە هەورێكیش گفتی "باران" بە گوڵەگەنم نادات. هیچ ڕێبوارێكیش لە یەكەم هەنگاوی سەفەرەوە، شوێنكاتی دواهەنگاو و دواوێستگەی خۆی نازانێ. تەنانەت یەزدانیش بەدڵنیاییەوە دواپەیام و دواپەیامبەری خۆی بۆ مرۆڤایەتی نەناردووە. لە نێوانی باوك و منالدا دابڕانێك، یان پانتاییەك هەیە وەك ماوەی نێوان: هەور و باران، سەرەتای سەفەر و ساتەوەختی گەیشتن، خوا و بڕواداران، شۆڕش و سەركەوتن، پێشمەرگە و شەهیدبوون، چەند لەیەكتریان دوور دەخاتەوە هێندەش پێكەوەیان دەبەستێتەوە. یەكێك لە گرفتە ترسناكەكان ئەوەیە "باوك" دڵرەق و گێل و دیكتاتۆر بێت و خۆی بە بەخشندە و ژیر و دیموكراتی بزانێ، "منال" كتومت فۆتۆكۆپی "باوك" بێت و خۆی بە جیاواز و ڕۆڵەی سەردەمەكەی بزانێ، گەواڵە هەورێك نەزۆك بێت و گفتی باران بە " تینووەكان" بدات، "یەزدان" بەو هەموو ئاین و پەیامبەرەوە "یەكێتی بڕواداران"ی دروست نەكردبێ، بەڵام لە "چاوەڕوانیی گۆدۆ"ی "محەممەدی مەهدی"دا بمانهێڵێتەوە. . !كوشندەترین هەڵە ئەوەیە "باوك" بۆ خۆشیی خۆی "منال" دروست بكات و منالیش بۆ خۆشەویستی باوك " ئازادیی"ەكانی خۆی بكوژێ، هەور بۆ خۆشیی خۆی بەسەر دەریادا بباریێ و گوڵەگەنمیش بە سەوزیی خەون بە خەلە و خەرمانەوە ببینێ، "هەنگاو" سوێند بۆ "ڕێگا" بخوات و سەفەریش گرەوی خۆی لەسەر خەیاڵپلاویی بەهەشتی دواهەنگاو كردبێ، یەزدان لە پێناوی بلاوكردنەوەی "بڕوا"دا پەنای بۆ پڕكردنی زكی عەبدێكی پاكیزە بردبێ، یان لە پێناوی سەرخستنی سوپای بڕوادارانداا پەنای بۆ دامركاندنەوەی ئارەزووە شەهوانی‌یەكانی پەیامبەر بردبێ و لە ئاسمانەوە ژنە چاو خورمایی‌یەكانی لێ‌مارە كردبێ، بەڵام مۆڕاڵی ئێمەشی بە چەپاندنی سێكسەوە شەتەك دابێ. دوور و نزیكی نێوان باوك و منال "زەمەن" نی‌یە، دوور و نزیكی نێوان هەور و باران "ڕێكەوت" نی‌یە، دوور و نزیكی نێوان سەرەتا و كۆتایی "ڕێگا" نی‌یە، دوور و نزیكی نێوان خوا و بڕوادار "كفر" نی‌یە، تەنها دوور و نزیكیەك لەیەكترەوە، جیاوازیی‌یانە لە تێگەیشتن و جیهانبینی و شێوەی بیركردنەوە و خەون و ئارەزوو و ئازادیی‌دا، هەرچەندە بێ‌سنوور پێویستیان بە یەكتریش هەیە. . هاوولاتی و دەوڵەت، تاك و كۆمەڵ، مەڕ و شوان، خوێندكار و مامۆستا، گۆرانیبێژ و گوێگر. . . هتد. بە چەندین شادەماری دیار و شاراوە پێكەوە بەستراون، بەڵام لە دنیایەك شتی‌تردا لە یەكتر جیاوازن و بچوكترین لێكچوون لە نێوانیاندا نی‌یە. لێكچوون بكوژی شوناسی تاكەكانە. هاوولاتی تا ئەو شوێنە هاوولاتی‌یە كە لە دەوڵەت ناچێ، تاك كە وەكو كۆمەڵ بیریكردەوە ئیتر ناتوانێ تاك بێت، كە مەڕ و شوان لێكچوون ئیتر كێ پارێزراو و كێ پارێزەر بێت، كە خوێندكار بووە مامۆستا ئیدی شوناسی خوێندكاربوون بۆ هەتاهەتا ووندەكات، كە گوێگر بوو بە گۆرانیبێژ ئیتر بە چ شتێ لە یەكتریان جیاكەینەوە؟! هەریەك لە دنیاكەی خۆیدا و بە كۆی نەخێر و بەڵێی خۆیەوە دەتوانێ شوناسی خۆی بپارێزێ، تاكی بێ‌شوناس، تاكی بێ نەخێر و بەڵێیە و تاكی بێ نەخێر و بەڵێش تاكی بێ‌شوناسە. . كەواتە "منال" بە نەخێر و بەڵێ لە بەرامبەری شتەكاندا شوناسی خۆی دەپارێزێ، ئەو باوكەی بكوژی نەخێرەكانی منال بێت بێ‌ئەوەی بە خۆی بزانێ بكوژی منالەكەیە. . بەهەمان شێوە دەوڵەت و دەسەلات بە زەوتكردنی مافی بەڵێ و نەخێر لە هاوولاتی، بێ‌ئەوەی بە خۆیان بزانن بكوژی هاوولاتین. هەر دەسەلاتێك تەنها "بەڵێ" لە هاوولاتی داوابكات، كۆمەڵگایەكی خەسێنراو لە ڕووی ئافراندن و ئازادیی‌یەوە دروستدەكات، چەندە مژدەی باران لە هەورێكی نەزۆكەوە دوورە، چەندە سەركەوتن لە شۆڕشێكی چەواشەوە دوورە، چەندە یەكێتی بڕواداران لە ئاین و ئاینزا و پەیامبەرە دژ بەیەك و جیاوازەكانەوە دوورە، هێندەش پێشكەوتن و پەرەسەندن لەو كۆمەڵگایەوە دوورە. . لەهەر كۆمەڵگایەكدا تاكەكان خاوەنی بەڵێ و نەخێری سەربەستانەی خۆیان بوون، ئەوە دەوڵەت تەندروستە و دیموكراسیەت چەسپاوە، هاوولاتی لەم وڵاتەدا چەند داكۆكی لە مافەكانی دەكات هێندەش سەرگەرمی ڕاپەڕاندنی ئەركەكانی سەر شانیەتی. تاكەكان بەڵێ و نەخێر لە دارشتنی لیستی ماف و ئەركەكاندا بەكاردەهێنن، دوور و نزیكیی ئەرك و مافەكان، دوور و نزیكیی بەڵێ و نەخێرەكانە، هاوولاتی گێل ئەوانەن ملكەچی ئەركەكانن و بێدەنگی مافەكانیانن، لەمانەش گێلتر ئەوانەن تەنها هەوڵیان بۆ مسۆگەركردنی مافەكانیانە بێ‌ئەوەی ئەركەكانیان ڕاپەڕێنن. نادیموكراسیی‌ترین دەسەلاتیش ئەو دەسەلاتەیە مافەكان زەوتبكات و ئەركەكان بسەپێنێ، لەم جۆرە وڵاتانەدا تاك خۆی بە هاوولاتی نازانێ و نامۆدەبێ بە نیشتمان و گەلەكەی، ئەمەش لەلایەك دیاردەی كۆچ و لەلاكەی‌ترەوە زوڵم و ستەم و وێرانبوونی بونیادەكانی كۆمەڵگا دروستدەكات. بۆ ئەوەی دەسەلاتێكی نادیموكرات پەیدانەبێ و تووشی ستەم و چەوسانەوە نەبین و لە سەر خاكی نیشتمان نامۆ نەبین و پەنا بۆ كۆچ نەبەین، پێویستە بەڵێ و نەخێرەكانمان بخەینەگەڕ. . یەكەمین و بنچینەترین ئەزمونی بەكارهێنانی ئەم مافەش ڕیفێراندومە. . "ڕاپرسی" لە سادەترین پێناسەدا پڕۆسەی وەرگرتنی ڕای تاكەكانی كۆمەڵە بۆ چەسپاندنی یاسایەك یان یەكلاییكردنەوەی كێشەیەك. بەڵام ئەوكاتەی پرسیارەكە لە ئەزموونی سیاسی و كۆمەڵایەتی كۆمەڵگەیەكدا، هەنگاوی سەرەتا و دەستپێكی دارشتنی شوناسێكی نوێ بێت بۆ كۆی تاكەكان، بەم ڕاپرسی‌یە دەوترێت چارەنووسساز، لە ڕاپرسی چارەنووسسازدا تاكەكانی كۆمەڵ دەبێت كۆی مێژوویەك لە یادەوەری خۆیاندا

هەڵسەنگێنن و هۆكار و دەرئەنجامەكان ڕاڤە بكەن و هوشیارانە ئەڵتەرناتیڤ بەرهەم بێنن و وەڵامی پرسیاری چارەنووسساز بە شێوەیەك بدەنەوە ئەو ئەڵتەرناتیڤە لە نادیارەوە بهێننە دیار، لە یۆتۆپیاوە بیكەنە حەقیقەت. لەوانەیە ئەمە گەورەترین بەڵێ و نەخێر بێت لە ژیانی تاكەكاندا، بۆیە ناكرێ هەروا بە ئاسانی وەڵام بدەینەوە. لە بەرامبەری پرسیاری گەورەدا تێڕامانی گەورە پێویستە، بۆ تێڕامانی گەورەش هوشیاریی پێویستە، بۆ هوشیاریش خوێندنەوەی دیوی ناوەوەی ڕووداو و دیاردە و هۆكار و دەرئەنجامەكان پێویستە. كێ هەیە بەر لە هەمووان هەست بە پێداویستی ئەم ئەزموونە بكات و وەك ڕێگاچارەیەكی دیموكراتیانە داوای ڕاپەڕاندنی ئەم تاقیكردنەوە گەورەیەی كۆمەڵ بكات جگە لە ڕووناكبیران؟ سەرهەڵدانی پێداویستی ئەم بەگەڕخستنەی بەڵێ و نەخێر، لە سنووری ڕاپرسیدا، بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە چارەنووسسازە، لەلایەن دەستەیەك ڕووناكبیرەوە، نیشانەی تەندرووستی سەرهەڵدانەكەیە نەك بە پێچەوانەوە. با لەوەوبەر چەندین پارت و كەسایەتی سیاسی دروشمی ڕاپرسی‌یان بەرزكردبێتەوە، با چەندین ئایدۆلۆژیست لە بەرنامەی سیاسیاندا بانگهێشتیان بۆ كردبێ و بە ڕێگای گەیشتنە بەهەشتیان پێناسە كردبێ، كاتێك ڕووناكبیر داوای دەكات، بەوپێ‌یەی لە هەموو داواكەرەكانی‌تر لە ڕووی شوناسەوە ڕاستگۆتر و كامڵترە، ئیدی ئەمە نیشانەی پێگەیشتنی جۆرە هوشیاریەكە كە دەیەوێ شوناس بگەڕێنێتەوە بۆ هەموو ئەوانەی شوناسیان لێ‌زەوتكراوە. دەشێ تاكێك لە كۆمەڵگایەكی خاوەن شوناسدا بژی و شوناسی خۆی وونبكات یان لێی‌زەوت بكرێ، وەك: بە ئەندامبوون لە پارتێكدا، لە دێرێكدا، لە مزگەوتێكدا، لە سیناگۆگێكدا، لە یانەیەكی وەرزشیدا، یان خۆبەستنەوە بە ئایدۆلۆژیایەكەوە، یان خۆ هاویشتنە نێو گرووپە ئێزیستێنتسیالیستەكان و ئاڵودەبوون بە مادده بێهۆشكەرەكانەوە، یان تەسلیمبوون بە قومار. . . هتد. بەڵام ڕووناكبیری ڕاستەقینە ئەوەیە كە لە هەموو ئەو جۆرە وابەستەبوونانە گەورەترە و پارێزگاریی لە شوناسی خۆی دەكات. ڕووناكبیر لە ئەفراندنە مەعریفی‌یەكانیدا بۆ ڕاڤەكردنی حەقیقەت و خوڵقاندنی جیهانێكی ئەڵتەرناتیڤ، بەم جیهانە پڕ لە غەدر و ستەم و دەستدرێژی و نایەكسانی‌یە، پەنا بۆ فەنتازیا دەبات نەک بە پێچەوانەوە وەك ئایدۆلۆژیستەكان حەقیقەت بكەنە فەنتازیا و بە سەرابی یۆتۆپیاكانی بدۆڕێنن. لێرەدا مەبەست پشتیوانی و بەرگریكردنە لە ڕیفراندوم نەك لەو ڕووناكبیرانە، بە بارتەقای ئاسمان ئەو تاكانەی كۆمەڵ نەخۆش و بەستەزمان و خۆهەڵخەڵەتێنن، كە بە بیانووی جۆراوجۆر و هەرجارەی لە ژێر پەردەیەكدا دژی ڕیفراندوم دەوەستن، لەگەڵ فڵانە ڕووناكبیردا هەڵناكەن یان شوێنی سەرهەڵدانی بانگەوازەكە لە قەڵەمڕەوی فڵانە حیزبدایە، یان فڵانەكەس زووتر لەوان باسی كردووە، یان فیسار حیزب دەمێكە دركی پێ‌كردووە. . . هتد. لەم بەیت و باڵۆرانەی لە بۆنی دواكەوتوویی و ناهوشیاری و تەمومژ و تەنگژە دروستكردن زیاتر بۆنی هیچی‌تریان لێنایەت. دەكرێ تۆ بە سواری ماشێن و ئەو بە ماتۆڕ و ئەوی‌تر بە پاسكیل و منیش بە پیادە ڕێگایەك ببڕین، گرنگ ئەو ئامانجەیە بۆی دەچین، با هەموومان لەسەر پێویستی گەیشتنە ئەو ئامانجە یەكگرین ئیتر هەر كەسە و ئازاد و سەربەستە چۆن دەگاتەجێ. گەورەترین ڕاپرسی گەلەكەمان لە مێژووی نوێدا كۆڕەو بووە، هەریەكەشمان بەشێوازی خۆی ملی ڕێی گرتبوو، هەنووكەش بەرەو ڕیفراندوم گرنگ ئەوەیە بكەوینە ڕێ، هەركەسەش ئازاد و سەربەستە چۆن و بەچی ئەو ڕێیە دەبڕێ. ئاكامی ئەو ڕاپرسی‌یەش بۆ ئەوەی لە بەرژەوەندی شوناسی كۆمەڵەكەماندا بێت پێویستە هەمووومان ئەهەممیەتی بەڵێ بۆ دەنگدەرەكان ڕوونبكەینەوە، بەڵێ بۆ سەربەخۆیی. . بەڵێ بۆ كوردستانێكی دیموكرات كە ئازادیی تێدا فەراهەم و مسۆگەربێ بۆ هەموو تاكەكان بەبێ گوێدانە بڕوای سیاسی و شێوەی بیركردنەوەی فیكری و فەلسەفی و باوەڕی ئاینی و ئاینزایی و نەتەوەیی و ئینتەرناتسیۆنای و پلەی كۆمەڵایەتی و ئاستی ڕۆشنبیری و هەموو تایبەتمەندیەكانی دیكە.

بەڵێ بۆ سەربەخۆیی كوردستانێك كە حیزب تیایدا خزمەتكاری جەماوەر بێت نەك دەزگایەكی مشەخۆر و داپڵۆسێنەر و تۆقێنەر بێت. لەو كوردستانەدا داهاتی وڵات ئەبێ هی خەڵك بێت نەك حیزب بە شەرعی و ناشەرعی بۆ خۆیی و سیاسەتەكانی پاوانی بكات. لەو كوردستانەدا دەبێ مافی هاووڵاتی‌بوون لە سەروو هەموو جۆرە ماف و ئینتمایەكەوە بێت.

بەڵێ بۆ كوردستانێكی سەربەخۆ كە دەوڵەتی یاسا و جیاكردنەوەی دەسەڵاتەكان بێت.

بەڵێ بۆ كوردستانێك كە ببێتە لانەی حەوانەوەی زۆرلێكراوان، هەژاران، بێدەرەتانان.

بەڵێ بۆ كوردستانێك كە ژنان تیایدا ئازاد و سەربەست بن.

بەڵێ بۆ ڕیفراندوم لە پێناوی سەربەخۆیی و ئازادی و مافەكانی مرۆڤدا.

بەلژیكا 11 ی سێبتەمبەری 2003

Yasin. abdallah@pandora. be